بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

# پارتی ڕەفاهی ئیسلامی

# له تورکیا

نوسین و ئامادەکردنی : ئارام قادر

---

١٩٩٨زاینی ١٤١٩ کۆچی

## --- دەروازەی ئاشنایەتی ---

• تورکیا : یەکێکە لە وڵاتە ئیسلامیەکان و هاوسنورە لەگەڵ ( عێراق ، سوریا ، ئێران ئازەربایجان ، بلغاریا ، یۆنان ، ئەرمینیا ، جۆرجیا ) .

• ڕوبەرەکەی : ڕوبەری تورکیا ( ٧٨٠ هەزار ) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە . ( ٩٠ ٪ ) ئەم وڵاتە دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاو ناو دەبرێت بە ( ئەنادۆڵ ) و ( ١٠ ٪ ) دەکەوێتە کیشوەری ئەوروپاو ناو دەبرێت بە ( تراقیا ) .

• پایەتەختەکەی شاری ئەنقەرەیە و ئەم وڵاتە دابەشکراوە بە حەوت هەرێمەوە ... ( هەرێمی دەریای ڕەش ، مەرمەرە ، ئیجە ، دەریای ناوەڕاست ، ناوەڕاستی ئەنادۆڵ، باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ) لە شارە گرنگەکانی تورکیا ( أستنبوڵ ، أزمیر ، دیاربکر ، ئەدەنە ، بورصە ، قونیە، سامسون ، قیصریە ) . وە بەرهەمێکی زۆری ( گەنم و جۆو گەنمەشامی و لۆکە و توتن و ... هتد ) هەیە ..

بەپێی تازەترین سەرژمێر ژمارەی دانیشتوانی ( ٦٢ ) ملیۆن کەسە ، کە لە ( تورک ، کورد ، عەرەب ، یۆنان ) ی پێک هاتوە ...

ئاینی ڕەسمی لە تورکیا ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و ( ٩٨ ٪ ) ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە موسڵمانن ...

دراوی ڕەسمی لیرەی تورکییە ... ئاڵاکەی سورەو هیلالێک و ئەستێرەیەکی سپی تێدایە ...

لە ڕووی ئابەرییەوە تورکیا وڵاتێکی کشتوکاڵییە . لە سامانی ئاژەڵیدا پێداویستییەکانی خۆی مسۆگەر دەکات بەڵام لە ڕووی کانزاو نەوتەوە وڵاتێکی هەژارە و زۆربەی کانزاکان لە دەرەوە دەهێنێت جگە لە ( ئاسن ) .

• کەش و هەواکەی بە زستاندا سارد و لە هاویندا مام ناوەندیە و وڵاتێکی باراناویە و خاوەنی سەروەتێکی زۆری ئاوەو هەردوو سەرچاوەی ( دیجلە و فورات ) لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن کە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پێشکەوتنی ئابوری ( گەشت و گوزار ) کە بە پلەی یەکەم دێت لە داهاتی ماددی تورکیادا .

## چەند دێرێک لە مێژوو :

• لە سەردەمی کۆندا تورکیا بە ( ئاسیای بچوک ) ( أسیا الصغری ) ناوبراوە ، وە لەسەر دەستی ( عیمان ارگغل ) لە ساڵی ( ٦٩٩ ک – ١٢٩٩ ز ) دەوڵەتی عوسمانی دامەزراوە ، ئەمەش لە پاش هەرەس هێنانی دەوڵەتی سەلجوقیەکان و کۆتایی هاتنیان بەهۆی هێرشی سوپای مەغۆلەوە ...

دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتاوە زۆر بەهێزو بە توانا هاتە مەیدان و توانی ڕووە ئەوروپا پەل بکێشێت تا گەیشتە ( بۆدابست ) ، لە ئەفریقاشدا گەیشتە شاری ( ئەسوان ) لە میسرو لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ناو جەرگەی ئێران و لە ڕۆژئاواوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبی گرتەوەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو نیوە دورگەی عەرەبیشدا پەیدا کرد ... بەم شێوەیە لەم کات و سەردەمەدا بوو بە بە هێزترین دەوڵەت لەڕوی بەرفراوانی دەسەڵات و زۆری سوپاو توانی بەڕێوەبردن و جەنگەوە ..

ئەم دەسەڵات و بەرفراوان بونە تا نیوەی دووەمی چەرخی شازدە بەردەوام بوو .. ئیدی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کورەکانی ( سلگان سلیمانی قانونی ) دا ، برەودان و فراوان بوون و بەهێزیەکەی گۆڕا بۆ لاوازی و چوە سەنگەری بەرگری کردن لەخۆ ... ئەم ئاکامەش دەرئەنجامی ئەو دیاردانە بوو کە لە پێشدەستیەکەدا باسمان لیٚ کرد ..

ئیتر لەوە بە دوا سات بە دوای سات لاوازتر و بیٚ هێزتر دەبوو لە بەرامبەر دوژمن و ناحەزەکانیدا ... تا جەنگی جیهانی یەکەم ... کە عوسمانیەکان بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا ، لە ئاکامیشدا شکستێکی مەزن بەشی عوسمانیەکان بوو ... کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی خیلافەت کەمکرایەوەو لە تورکیا و دەوروبەریدا سنورداریان کرد ...

لە پاش هەموو ئەمانەش لەدوای دروست بونی گیانی نەتەوەپەرستی و فکرەی علمانیەت لە ڕێگەی ( پارتی – ترکیا الفتاه ) – پاشان دروست بونی کۆمەڵەی ( الاتحاد و الترقی ) توانیان لە ساڵی ١٩٢٣ ز دا کۆماری تورکیا ڕابگەیەنێت و ( مصگفی کمال ) بکرێتە سەرەک کۆمار ... دەسەڵاتی خیلافەتیش پەیوەندکرا بە کاروباری ئاینیەوە ... تا ساڵی ١٩٢٤ ز کە لەو ساڵەدا بە یەکجاری دەسەڵاتی خەلیفەیان لابردوو ماڵ و نەوەکانیان ئاوارەی وڵاتان کرد ...

بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی ( ٦٢٥ ساڵ ) دەسەڵاتی هەبوو ، وە ( ٤٠ ) خەلیفە حوکم ڕانیان کردووە شارستانییەک و ژیارێکی ئەوتۆیان بنیات ناوە کە کاریگەری هەبێت لەسەراپای جیهاندا بە درێژایی ئەو ساڵانەی تیایدا دەسەڵاتیان هەبووە ، بەهاتنە سەرکورسی دەسەڵاتی ( مصطفی کمال ) هەوڵی چڕو پڕدرا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو ژیارەو دابڕانی تورکیا لە ڕابردوی زێرینی لەم پێناوەشدا چەندین هەنگاوی نوێی هەڵگرت بەرەو بە عەلمانی کردنی تورکیا ... تا وەکو لەم ڕێیەوە سەرنجی ڕۆژئاوا بۆلای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە پشتیوان و هاوکاری لە بواری ڕامیاری و سەربازیدا دژ بە یۆنان ...

**هەنگاوەکانیشی دژ بە ئیسلام و ئیسلامیەکان ئەمانە بوو :**

١ – کۆتایی هێنان بە یاساو دەسەڵاتی خەلیفە و لابردنی خەلیفە لەسەر کار ...

٢ – پەیوەندی نێوان تورکیا و وڵاتە ئیسلامیەکانی تری پچڕاند ...

٣ – دەستوری عوسمانی گۆڕی بە دەستوری ڕۆژئاوایی ( بەریتانی – سویسری ) .

٤ – سەرکوت کردنی شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتی ( شێخ سعیدی پیران ) لە ساڵی ١٩٢٥ ز دا..

٥ – لابردنی یاسایی سوێند خواردن بە خوای گەورە لە سوێند خواردنی ڕەسمی دەوڵەتدا ..

٦ – قەدەغە کردنی پۆشاکی ئیسلامی ( حیجاب ) بۆ ئافرەتان ..

٧- یاساغ کردنی سەفەری حەج و عومرە ..

٨ – ڕێگە دان بە شوکردنی ئافرەتانی موسڵمان بە ناموسڵمان ..

٩ – تێکەڵ کردنی ئافرەتان و پیاوان لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکاندا ..

١٠ – خوڵقاندنی گیانی خۆپەرستی و نەتەوە پەرستی بۆ تورکەکان و ڕقە بەرایەتی کردنی هەموو خەڵکی سەر بەرەگەزەکانی تر ..

١١ – لابردنی ساڵنامەی کۆچی ...

١٢ – لابردنی ڕۆژی جومعە بە پشوی هەفتە ودانانی ڕۆژی شەممە و یەک شەممە ..

١٣ – گۆڕینی نوسینی عەرەبی بە شێوازە نوسینی لاتینی لە نوسیندا ...

١٤ – ئەو بەندەی لە دەستوری تورکیادا هەڵگرت کە دەڵێت ( ئاینی ڕەسمی دەوڵەت ئیسلامە ) وە بانگەشەی لادینی – عیلمانیەتی – وڵاتی کرد بە شێوەیەکی ئاشکرا ..

١٥ – قەدەغە کردنی دروست کردنی مزگەوت بە دانانی مەرجی قورس بۆ ئەو شوێنانەی دەیانەوێت مزگەوتی لێ دروست بکەن ...

١٦ – دەربەدەرکردنی مەلاو زاناو مامۆستاکان و سنوردارکردنی ژمارەیان بە تایبەت ئەوانەی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە موچەیان پێ دەدرێت ...

١٧ – گۆڕینی مزگەوتی ( أیا صوفیا ) بە مۆزەخانەو مزگەوتی ( محمد فاتح ) بە گەنجینە لە أستنبوڵ ، کە گەورەترین و ناودارترین مزگەوتی تورکیان ...

١٨ – نەهێشتنی ژن هێنان لە یەکێک زیاتر ئەویش لەسەر بنچینەی دەستوری سویسری ...

١٩ – قەدەغەکردنی پۆشینی جبەو عمامە و فەرزکردنی شەبقەی ئەوروپی ...

٢٠ –داخستنی تەکیەو خانەقاکان لەسەرانسەری تورکیادا ...

٢١ –لابردنی قوتابخانە ئاینیەکان و گۆڕینی بە قوتابخانە نوێ لەسەر دەستور و شێوازی ئەوروپی و نەهێشتنی خوێندنی ئاین و مێژووی ئیسلامی لە قوتابخانەکاندا...

٢٢ – قەدەغەکردنی فێربونی زمانی عەرەبی و فارسی کە پێشتر خەڵکی بە پێویستی دەزانی بۆ تێگەیشتنی لە ئیسلام و بنەماکانی ...

٢٣ – یاساغ کردنی کڕین و فرۆشتن و لە چاپ دانی پەرتوکی ئاینی ...، ئەو ژمارە زۆرەش کە لەبەردەستدا هەبوو هەمووی کۆکرایەوەو نێررابۆ میسرو هندو ئێران ...

٢٤ – هەڵگرتن و نەهێشتنی محکەمەی شەرعی و ناردنی هەموو مەسەلەکان بۆ محکەمەی مەدەنی ...

٢٥ – لابردنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ...

٢٦ – سڕینەوەی نازناو و کونیەی ئەو بنەماڵەو خێزانانەی کە نازناویان لەسەردەمی عوسمانیەکاندا وەک ( پاشا – بک – وەزیر ...هتد ) ...

بەم شێوەیە ئەتاتورک ڕێگە نەما نەیگرێتە بەر لە پێناوی بەرکەنارکردنی ئیسلام لەسەر شانۆی ژیان و بە علمانیەتکردنی تورکیا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ..وە بە کرداریش توانی نەوەیەک دروست بکات کە بە شێوەو ناوەرۆک ڕۆژئاوایی بێت وە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕابردووی خۆیەوە نەبێت ... وە توانی کارو جموجۆڵی ئیسلامی بە شێوەیەکی کاتی سست بکات و بانگەواز کارانی لەناو ببات ...

له ساڵی ١٩٣٨ ( مصطفى كمال ) كۆچی دوایی كرد و ( عصمت انینو ) بو بە سەرەک كۆمار ، له ساڵی ١٩٤٦ دا و له ژێر فشاری جەماوەری و سیاسیدا ناچار بوو بڕیاری فره حزبی و دامەزراندنی ڕێكخراو و پارتی سیاسی بدات ... بۆ ئەم مەبەستەش هەر لەگەڵ دەرچونی بڕیارەكەدا ( ٢٤ ) پارت دامەزرا كە هەشتیان لەگەڵ بەرزكردنەوەی دروشمی نیشتمان پەروەری و گەڕانەوەی دەسەلاتی ئیسلامیدا بوون ، وە لە پرۆگرام و بەرنامەو پرۆژەكانیاندا ڕەنگی دابووەوە ...

له ساڵی ١٩٥٠ ( عصمت اینونو ) كۆچی دوایی كردو بۆ یەكەم جار هەڵبژاردنێكی پەرلەمانی سازداو لە ئەنجامدا ( پارتی دیموكراتی ) سەركەوتنێكی بێ وێنەی بە دەست هێناو پارتەكەی ئەتاتورک شكستی خوارد ، لە ئاكامی ئەمەشدا ( محمود جلال بایر ) بوو بەسەرۆک كۆمار و ( عدنان مندریس ) بوو بەسەرۆک وەزیران كە شانازی دەكرد بە گەڕانەوەی بۆ سەردەمی ڕابردوو سەرهەڵدانەوەی دەسەلاتی ئیسلامی ، توركیا لە سایەی دەسەلاتی ( پارتی دیموكراتی ) دا واهێكی ئاسودەیی بە خۆوە بینی و ئەمەش تا ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بوو كە لەو ساڵەدا كودەتایەكی سەربازی بەسەریاندا كراو ( جمال جورسیل ) ی ڕابەری ئەو كودەتایە بوبە سەرەک كۆمار وە هەموو ژیانێكی مەدەنی هەڵوەشێنرایەوە ... ئەم بارە ناهەموارەش تا ساڵی ١٩٦٦ بەردەوام بوو ، لەم ساڵەدا سەرەک كۆمار نەخۆش كەوت بە شێوەیەكی وەها كە ئومێدی چاک بونەوەی نەبوو ... لە پاش ئەوە ( جودت سۆنای ) دانرا بە سەرەک كۆمار ... لە ساڵی ١٩٦٩ دا ژیانی پەرلەمانی و مەدەنی گەڕایەوە بۆ توركیا ... وە پەرلەمانی نوێ هەڵبژێررا ...

## ئاشنایەتی پارتە سیاسی یەكان :

بێگومان پارت و ڕێكخراو لە هەر وڵاتێكدا بوار بدرێت چالاكی سیاسی و رۆشنبیری خۆی ئەنجام دەدات ، دەورو كاریگەرییەكی بە تینی دەبێت لەڕوی سیاسی و فیكری وە رۆشنبیریەوەو پاشان لە ئاراستەكردنی بەرەو پێشچونی گەلدا .... چونكە پارتە سیاسیەكان مەڵبەندو چوگەی فیكرو بیروبۆچون و رەخنەی بنیات نەرن بۆ دەوڵەت و گەل و فەرمانڕەوایان ... هەر لەبەر ئەمەشە كە سیمای ژیارو پێشكەوتن و رۆشنفكری لەو وڵاتانەدا زیاتر بەدی دەكرێت كە ئەو ئازادی را دەربڕینە بە ڕەوا دەبینن و پشت لە هەوڵی تاک ڕەوی و خودگەرایی ( دیكتاتۆری ) و سەربازگەری ( عەسكەرتاریەت ) دەكەن ... كە فاكتەری

بنچینەی دواکەوتنی گەلانە .. دەبینین کاتێک ( کمال أتاتورک) دەسەڵاتی تاکرەوی خۆی بە زۆر سەپاند بەسەر گەلی تورکیادا و بواری نەدا هیچ کەسێکی دیکە لەهەر ئاستێکدا بێت هاوبەشی بکات لە ئاوەدان کردنەوەو پێشکەوتنی تورکیادا .. لە بەرهەمی ئەم سیاسەتە چەوتەدا ، هەژاری و برسێتی و نەهامەتی و دواکەوتن بەشی گەلی تورکیا بوو . بەڵام پاش ساڵی ١٩٤٦ کە یاسای فرە حیزبی دەرکرا هەست بەوە دەکەین کە ژیار و پێشکەوتن گەیشتە تورکیا و بە ئاراستەیەکی شیاودا چەند هەنگاوێکی نا .

## گرنگترین پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی تورکیا .

١ – پارتی دیموکراتی : ئەم پارتە عدنان مندریس دایمەزراندوە لە ساڵی ١٩٥٠ داو لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادا توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بهێنن و تا ساڵی ١٩٦٠ حوکمڕانی تورکیا بکەن .. بە کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات و ( عدنان مندریس ) کە سەرۆک وەزیران بوو لە سێدارەدرا ، پاشتر ناوی حیزبەکە گۆڕرا بە ( عەدالە ) ( حزب العدالە ) . ڕەوتی ئەم حیزبە – لیبرالی – بوو ، وە لەگەڵ ئیسلام و موسوڵماناندا هەڵوێستی دروست و شیاو بوو پێش ئەوەی – نجم الدین اربكان – دروست بونی پارتەکەی ڕابگەیەنێت پشتیوانی ئەم پارتەی دەکرد ..

لەسەرکردە دیارو ناسراوەکانی ئەم حیزبە ( سلێمان دیمرێل ) ە – کە ئێستا سەرۆک کۆماری تورکیایە ، شایانی باسە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ ئەم حیزبە لەلایەن جنراڵەکانەوە هەڵوەشێنرایەوە ، تا ساڵی ١٩٨٣ دا لە ژێر ناوی ( پارتی ڕێگای ڕاست ) جارێکی تر دەستی کردەوە بەکار . ئێستاش ( تانسۆ چیلەر ) سەرۆکایەتی دەکات ...

٢ – **پارتی گەل :** ئەم پارتە ( کمال أتاتورک ) لە ساڵی ١٩٣٠ دا دایمەزراند ... ڕەوتی ئەم حیزبە – سۆشیال دیموکراتە - ، بە درێژایی مێژووی تازەی تورکیا ئەم پارتە ڕۆڵی گرنگی دیوە لە فەرمان ڕەواییدا . یاخود نەیاری سەرەکی بوە لە پەرلەماندا ، وە ئێستاش بە ( پارتی گەلی کۆماری ) ( حزب الشعب الجمهوری ) ناسراوەو ( جێنز بایکاڵ ) سەرۆکایەتی دەکات ...

٣ – **پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی ( حزب الحرکە القومیە ) :** ئەم پارتە لە ساڵی ( ١٩٦٠ ) لەسەر دەستی ئەفسەرێک بەناوی ( ألب أصلان تورکش ) دامەزرا ، پارتێکی فاشیە یەکێک لە ئەنجامەکانیان پێک

هێنانی تورکیای مەزنە کە سەرجەم  ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەزمانی تورکی دەدوێن یاخود زمانیان یەکێک بێت لەلەهجە تورکیەکان ، ئەندامەکانی ئەم پارتە پابەندن بە دروشمەکانی ئیسلامەوە بەلاّم لە ڕەوتی گشتی ژیاندا حزب بەرنامە دادەنێت و بەگشتی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی پارتێکی توند ڕەوەو نەتەوە پەرستە ...

٤ – **پارتی یەکبوون ( حزب الوحده ) :** ئەم پارتە ، شیعەو نصیری و علویەکانی تورکیای لە خۆگرتبوو ، بەلاّم پارتێکی کەم  تەمەن بوو ، پاش ماوەیەکی کەم پەرتەوازە بوو هەڵوەشێنرایەوە ...

٥ – **پارتی نیشتمانی دایک ( حزب الوطن الأم ) :** ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٣ لەسەر دەستی( تۆرگۆت أوزال ) دامەزرێنرا ... ڕەوتێکی ڕاست ڕەوی لیبرالی هەیە زۆرێک لە سەرکردەکانی و کادیرەکانیان حەزێکی میولی ) ئیسلامیان هەیە ، پاش مردنی تۆرگۆت أوزال ی سەرۆک و دامەزرێنەری حیزبەکە ( مسعود یلماز ) بوو بە سەرۆکی ئەم پارتە و ئێستاش بەر هەڵستکارێکی سەرسەختی ڕابونی ئیسلامیە ... شان بە شانی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی و پارتی ڕێگای ڕاست  لە پێشەوەی پارتە سیاسیەکانی تورکیادایە ...

٦ – **پارتی شیوعی تورکی ( حزب الشیوعی الترکی ) :** پارتێکی مارکسی نهێنیەو خاوەنی چەندین گۆڤارو بلاّوکراوەو ڕۆژنامەیە ... ڕۆڵی  بەرچاوی هەیە لەناو چینی کرێکاران و قوتابیاندا ...

٧ – **پارتی یەکبونی گەورە ( حزب الاتحاد الکبیر ) :**  پارتێکی ئیسلامی نەتەوەییە ، لەسەر دەستی ( محسن یازجو ) دامەزراوە ، گەڕانەوەی ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانیەتی ئێستاش ئەم پارتە بە ( پێنج ئەندام ) بەشدارە لە پەرلەمانی تورکیادا ...

٨ – **پارتی دیموکراتی چەپ ڕەو ( حزب الدیمقراطی الیساری ) :** لە ساڵی ١٩٨٥  دا دامەزراوە و لەسەر دەستی ( بولند أجاوید ) ، پارتی دیموکراتی چەپ ڕەو  هەرچەندە پارتێکی بچوکە بەلاّم سەرۆکەکەی دەستێکیباڵای هەبوە لە دارِشتنی  سیاسەتی تورکیا – چەندین جار لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا فەرمانڕەواییان گرتۆتە دەست بە تایبەت لە ساڵی حەفتاکاندا ... ئەم پارتە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ  ڕژێمی جولەکەدا هەیە ....

٩ – پارتی دیموکراتی ئاشتی ( حزب الدیمقراطی السلام ) : ئەم پارتە ، پارتی علویەکانی تورکیایە ، شیعەو نصیریەکان پشتیوانی لێ دەکەن ڕەوتێکی چەپ ڕەوی کۆمەلایەتی هەیە ، ( علی حیدر وزیر اوغلو ) سەرۆکایەتی دەکات ..

١٠ – پارتی دیموکراتی گەلی ( حزب الدیمقراطی الشعبی ) : پارتێکی کوردییە کە بە ئاشکرا لەمەیدانی سیاسیدا کار دەکات ، ( مراد بوزلاق ) سەرۆکایەتی ئەم پارتە دەکات ...

١١ – پارتی کرێکارانی کوردوستان ( پ . ک . ک ) : ئەم پارتە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوو ڕەوتی چەپ ڕەو پێک هاتوە لە ساڵی ١٩٨٤ دا شۆڕشی چەکداریان ڕاگەیاندو دروشمی سەربەخۆیی کوردوستانی گەورەیان بەرز کردۆتەوەو بە گەورەترین پارتی کوردی دەژمێررێت ( عبدالله أوچ ألان ) سەرۆکایەتی دەکات ... وێڕای ئەم پارتە سیاسیانە چەندین ڕێکخراوی قوتابیان لەسەر تا سەری تورکیادا کاردەکەن کە هەریەکەیان خاوەنی بەرنامەی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیەتی وە پەیڕەوی دەکات :

١ – یەکیەتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی تورک : ڕێکخراوێکی فراوانەو سەر بە پارتی ڕەفاهی ئیسلامیە ، ئێستا ئەم ڕێکخراوە ١٢٠ هەزار ئەندامە ، وە لە زۆربەی شارەکانی تورکیا بنکەی کارکردنی هەیە .. وە لە ئەڵمانیا و زۆرێک لە ولاتە ئەورووپیەکانیشدا بارەگای هەیە و خاوەنی چالاکی هەمە جۆرە لە گشت بوارەکاندا .

٢ – لاوانی شۆڕشگێڕ : ئەم ڕێکخراوە ڕەوتێکی مارکسی هەیە و باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری هەیە ...وە لە زۆربەی زانکۆکانی ( ئەنقەرە ، حاجی تپە ، الشرق الاوسط ) لە ئەنقەرەدا و لە کۆلێژی ئەندازیاری لە ( أستنبوڵ ) و زانکۆی ( البحر الاسود ) لە ( ترابزون ) خاوەنی ڕۆڵی کاریگەرەو بە ڕێکخراوی لاوانی حزبی شیوعی دادەنرێت ...

٣ – خانەی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ : ڕێکخراوی لاوانی مارکسی کوردەکانی تورکیایە ..

٤ – خانەی فکر : ئەم ڕێکخراوە سەر بە بزوتنەوەی نەتەوەییەو نەیاری ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێڕەو بەم هۆیەوە توانیویەتی جەماوەرێکی چاک بۆ خۆی پێکەوە بنێت و لە زۆربەی زانکۆکانی ئەنقەرەو أستنبوڵ و پەیمانگا ئابوریەکاندا چالاکی دیاریان هەیە ...

٥ – **یەکیەتی تێکۆشەران :** ڕێکخراوێکی پیشەیی ئیسلامی قوتابیانەو دژایەتی کردنی شیوعیەکان لە نێوەندی قوتابیان و لاواندا ئامانجی سەرەکیەتی ....

٦ – **یەکیەتی قوتابیانی ئیشتراکی و دیموکراتی :** ئەم ڕێکخراوە سەر بە پارتی گەلی کۆمارییەو دروشمی کمالی بەرز کردۆتەوە ...

## ئاشنایەتی ڕەوتە ئیسلامیەکان :

دوای هەرەس هێنانی خیلافەتی ئیسلامی و بالأدەست بونی علمانیەت .. ئیدی بەرکەنارکردنی ئیسلام لە ژیانی گشتی و هەوڵدان بۆ کپ کردنی کاری ئیسلامی لە لایەن ئەو ڕژێمە نوێیەوە بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو کاری بۆ کرا ... بەهۆی پشتیوانی بێ ئەندازەی ڕۆژئاوا لە ڕوی سیاسییەوە و بەهۆی هێزی خاوەن تفاقی حکومەتی علمانی تورکیاوە ، لە بەرامبەر ئەمەشدا نەبونی سەرکردەیەکی لێوەشاوە وە خاوەن تواناوە کە توانای کۆکردنەوەی ئیسلامیەکانی هەبێت و ڕێبەریان بکات ، وە بەهۆی نەبونی کارێکی ڕێکخراوی و سیاسی خاوەن ڕێکخستن کە توانای بەرەنگاری ئەو شالأوە بەرفراوانەی هەبێت کە لە ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتبوو .. کاری ئیسلامی سات لە دوای سات لاوازتر دەبوو .. بەلأم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سێ ڕەوتی ئیسلامی سەرەکی خاوەنە پرۆگرام و نەخشەی سەربەخۆ ، سەنگەریان دژ بە بێ باوەڕان دامەزراند و توانای خۆیان خستە کار ....

### یەکەم : کۆمەڵەی نوور :

ئەم کۆمەڵەیە لەسەر دەستی زانای خواناس و ناوداری کورد ، بەڕێز مامۆستا ( سعید نورسی ) دامەزرا .. مامۆستا لە گوندێکی سەر بەقەزای ( هیرات ) ی کوردوستانی تورکیا لە ساڵی ١٨٧٣ ز دا لە دایک بووە .. وە لە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٥٩ ز دا کۆچی دوایی کرد .

### بنەماکانی ئەم کۆمەڵەیە :

١ – دوربون لە سیاسەت و کاری ڕێکخراویی و ڕێکخستن ، زیاتر پەیرەوی کردنی شێوازی بانگەوازی گشتی و کاری خێریان پێوە دیارە ...

٢ – زۆر گرنگی دان بە بواری ڕۆح و وابەستەبون بە قیامەتەوە لە ڕێگای بەڵگەی زانستی و واقعیەوە ..

٣ – هاوبەشی نەکردن لە چالاکی سیاسی و ڕوداوەکانی ڕۆژگاردا ... لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خودسالاری ئەتاتورک و پاشتریش لە کاتی ئازادبونی کاری ڕێکخراوەی و سیاسیدا .. کۆمەڵەی ( نور ) توانیان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبێت لەپەروەردەکردنی لاوان بەپەروەردەیەکی ئیسلامی تۆکمە و نەهێشتنی زاڵ بونی شارستانیەتی ماددی ڕۆژئاوا بەسەریاندا . کە ئەم ڕۆڵە گرنگە ئێستا هەستی پێ دەکرێت و بەرهەمەکەی دەبینرێت ... کە بە هەزارەها شاگردو قوتابی و زانا و شوێن کەوتەی شێخ سەعید هەیە ... وە بڕوایشمان وەهایە گەر ئەو کۆمەڵەیە خاوەنی ڕێکخستن و کاری سیاسی ببوایە ئێستا پێشەنگی ڕێکخراوەکانی تورکیا دەبوو .. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەست بەکاربونی گورج و گۆڵ و خێرایان بوو لە دژایەتی کردنی کوفرو خراپە کاری علمانیەدا و بەردەوام بونیان لەسەر بانگەواز ... بەلاّم پاش وەفاتی مامۆستا خۆی قوتابخانەی ( نوور ) پەرتەوازە بوو ، کە لە ئاکامدا چەند دەستەو تاقمێکی لیٚ دروست بوو کە هەریەکەیان خۆی بە خاوەن و میرات گیری ڕاستەقینەی قوتابخانەی نوور دەزانێت ... گرنگترینیان :

- شێخ فتح الله جولان : شیخ فتح الله جولان تورکەو زۆربەی زۆری قوتابیانی ( نوورا ) ی تورک لەگەڵیدان ... وە ئێستا خاوەنی چەندین قوتابخانەو کۆلێژن لە تورکیا و ئازربایجان و ئەوروپا و کوردستانی عێراق ...
- وقف الزهرا : شێخ عز الدین یلدرم _ کە کوردە لێپرسراویەتی ، زۆربەی کوردەکانی تورکیای لە دەور کۆبونەتەوە ... ئێستا گۆڤارێکی مانگانەی کوردیان هەیە بە ناوی ( نوبهار )
- قوتابخانەی زهرا : ئەمەش باڵێکی تری قوتابخانەی نوورەو بەشێکی تری کوردەکانی تورکیای لەگەڵدایە ، خاوەنی گۆڤارێکی کوردین بەناوی ( الدعوە )
- عزیز مەندی : ئەم باڵەیان لە ڕووی ژمارەوە لە ڕیزی چوارەمدا دێن و ئەندامەکانی بەزۆری کوردن .. وە ئەم کۆمەلاّنەی خوارەوە :
- یەنی اسیاجی .
- قرنجی .
- قورد اوغلی .

- سلیمان جی .
- یازجی .

وەک باڵی قوتابخانەی نوریان لێهاتوە کە هەر مامۆستا و شێخێک چەند قوتابخانەو  مامۆستایەکی هەیە و چەند هەزار کەسێکی لەدەور خڕبونەتەوە و لە چەند خاڵێکی  لاوەکیدا جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتردا ...

**دووەم : تەریقەتی تصوف : ( ڕێبازی سۆفیگەری )**

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ، تورکیا مۆڵگەی ڕێبازی سۆفیگەری بوو ، چ تەریقەتی نەقشبەندی بێت یاخود قادری ، بەڵام بە هاتنە سەر کورسی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی ئەتاتورک ئەم ڕێبازەش قوربانیەکی دیکەی ژێر ئەو ستەمە نوێیە بوو ، چالاکیەکانیان بە تەواوەتی سنوردار کرا .. بەڵام بە گەڕانەوەی ئازادی بیرو ڕاو فرە حزبی بۆ تورکیا ڕێبازی سۆفیگەری زۆر بە کارامەیی هاتە گۆڕەپانی کارکردن و لەو بوارەدا هەنگاوی گورج و گۆڵانەی هەڵگرت و تەکیە و خانەقاکانیان ئاوەدان کردەوە بە هەزارەها صۆفی و دەروێشیان لەدەور کۆبویەوە ...

**ئەمانەش لە گرنگترین و ناسراوترین شێخەکانی ئەم ڕێبازەن :**

١ — **شێخ حسێن حلمی إیشک** ، کە بە ( ئیشگلر ) ناسراوە وە شێخەکەیان عقیدێکی ناو سوپای تورکیایە ، بەزۆری گەورە ئەفسەرو ناودارانی سوپای لەگەڵدایە ، ئەم باڵە سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیەو ژمارەی شوێنکەوتوانیان بە ملیۆنەهایە لە تورکیادا .. وە ڕۆژنامەی ( تورکیا ) دەردەکەن کە ڕۆژانە ( ٦٥٠ ) هەزار ژمارەی لیٚ بلاٌوەکرێتەوە وە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ( فەزائی ) (            ) ن کە            کەناڵێکی جیهانیيە ، خاوەنی گەورەترین دەزگای بازرگانیيە بەناوی ( إخلاص هولیدینج ) .

٢ — **شێخ أسعد خوجە** : ئەم پیاوە پرۆفیسۆرو مامۆستای زانکۆیە و خاوەنی حەوت کارگەی گەورەیە لە تورکیادا وە سێ کەناڵی ڕادیۆی هەیەو مانگی سێ گۆڤار دەردەکات ..

٣ — **محمود أفندی** : محمود أفندی بە بنەماڵە شێخن ، وە لە هەموو شێخەکانی دیکە زیاتر قوتابی و قوتابخانەو زانکۆی هەیە ، شوێنکەوتوانی ئەم شێخە جبەو عەمامە لەبەر دەکەن و ڕیش بە درێژی دەهێڵنەوە و هەمیشە سیواکیان پێیەو ئافرەتەکانیشیان ڕوپۆش ( نقاب ) دەکەن ، وە زیاتر پەیڕەو

کارانی ئەم شێخە گرنگی بە زانستە شەرعیەکان ئەدەن ... لە ئەوروپا و هەندێ لە ولأتانی دراوسێی تورکیادا قوتابخانەیان هەیە . شوێن کەوتوانی شێخ محمود أفندی گۆڤارێکی مانگانە بەناوی ( الفرقان ) دەردەکەن .

٤ – شێخ علی : ئەم شێخە لە أستنبولْ دادەنیشێت و بڕوانامەی ( إداره الفنادق ) و ( طب التشريح ) ی هەیە و خێزانەکەی خەڵکی بەریتانیایەو... شێخ علی زیاتر لە حەوت کارگەی هەیە لە تورکیا و ئەوروپادا بەلأم لە ڕێژەی شوێنکەوتواندا وەک ئەوانە نییە کە پێشتر باسکران .. ئەم شێخە لەسەر هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادرییە ...

٥ – شێخ یەعقوب : ئەم شێخە لەسەر ڕێبازی قادرییەو لە أستنبولْ مەڵبەندی سەرەکی دامەزراندووە چەند قوتابخانەو بنکەیەکی لە تورکیادا هەیە .. ئەوانەی باسکران ناودارترین شێخ و مامۆستای ڕێبازی سۆفیگەرین لە زۆربەی شارەکانی تورکیادا تەکیە و خانەقایان هەیە .

## سێیەم : پارتی ڕەفاهی ئیسلامی :

پێش ساڵەکانی ( ٧٠ ) بەرژەوەندی ئیسلامیەکانی تورکیا لەوەدا بوو ، کە پشتگیری لە حزبی ( عداله ) بکەن بە گشت جۆرێک و لە ڕێگای ئەم هەڵوێستەوە ببنە بەربەست لە بەرامبەر پارتی گەل کە جارێکی تر جڵەوی فەرمانڕەوایەتی نەگرێتەوە دەست و هەمان تەراژیدیای پێشوی دوبارە نەکاتەوە .. بۆ ئەم مەبەستە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا تێکڕای دەنگی ئیسلامیەکان بۆ حزبی عداله بوو ، وە هەندێ لە ئیسلامیەکان بونە ئەندام تیایدا .. چونکە هەرچۆنێک بێت ( أخف الضررين ) بوو بۆ ئیسلامیەکان .. ئەو کاتەی ( عدنان مندریس ) ڕابەرایەتی ( پارتی دیموکراتی ) دەکرد وە سەرۆکی وەزیران بوو .. کەش و هەوایەکی ئازاد ڕەخسا بۆ ئیسلامیەکان کە لە سایەیدا پشوو بدەن و لە دڕندایەتی و خوێنڕێژی پارتی گەل ڕزگاریان بێت .. ساڵی ( ١٩٦٠ ) ساڵێکی ڕەش بوو بۆ ئازادی لە تورکیادا .. لەو ساڵەدا کودەتایەکی سەربازی نارەوا کراو بە هەڵبژاردنێکی کارتۆنی ( پارتی گەل ) یان گەڕاندەوە سەر شانۆی فەرمانڕەوایی و ئیدی سات لە دوای سات باری تورکیا ئاڵۆزترو بارودۆخی ئیسلامیەکانیش ترسناکتر دەبوو ، ئەم ترسناکی و ئاڵۆزیەش وای کرد کە ڕوناکبیران وە خەمخۆرانی دینی خوا بیرێک لە چارەنوسی خۆیان بکەنەوە و بە دوای چارەسازێکی شایستەدا وێڵ و جێگای تیْ ڕامانیان بێت .. بۆ ئەم مەبەستەش

پرۆفیسۆر ( نجم الدين أربكان ) هەڵسا بە ڕاپرسی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ کەسانی کارامەو دیاری کاری ئیسلامیدا ، لە ئاکامدا پێک هاتن لەسەر ئەوەی کە پارتێکی تایبەت بە ئیسلامیەکان دروست بکەن تاوەکو ببێتە مینبەری گەیاندنی بیروڕای ڕەسەنیان بە جەماوەری تورکیاو جیهان .. بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە بواری ئازادی بیروڕا وەرگرت کە لەو ساڵانەدا تورکیا بە خۆوەی دەبینی ، لەو بوارەشدا بە مەرجێک ڕێگە بەدروست کردنی پارت و ڕێکخراو دەدرا کە لەسەر بنچینەی ئاینی نەبێت ... هەرچەندە ( أربكان ) و هاورێکانی نەیانتوانی بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕەسمی پارتی ئیسلامی خۆیان ڕابگەیەنن بەڵام بە شێوازێکی نوێ توانیان پارتێک بەناوی ( پارتی یاسای نیشتمانی ) ( حزب النظام الوطني ) لە ( ٢١ / ٦ / ١٩٧٠ دا بەسەرۆکایەتی ( نجم الدين أربكان ) ڕابگەیەنن ، کە هەرچەندە ناوەکەی لەبەر بارودۆخ ئیسلامی نەبوو ، بەڵام زرنگانە و بەووریاییەوە بیروڕای ئیسلامیان دەگەیاندە جەماوەر ... لەسەرەتادا بنەماو دروشمەکانی حزب لەچەند خاڵێکدا خرایە ڕوو ئەو خاڵانەش بریتی بوون لە :

١ – پارتی یاسای نیشتمانی تەنها مەبەستی کارکردنە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە و خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و بۆ ئەو مەبەستەش دروست بووە وەک پارت و حیزبەکانی تر نییە کە مەبەستیان کورسی حوکم و تێرکردنی ئارەزوەکانیان و لەسەر بنچینەی زۆرداری و دەمارگیری دروست بووبێت ..

٢ – دام و دەزگاکانی تورکیا وابەدەست کۆمەڵێکی نامۆ بەگەل و نیشتمان کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نین و توانای ئاڕاستەکردنی وڵاتیان نیە بەرەو باشتر ، لەبەر ئەوە پێویست دەکات کار بەدەست و لێپرسراو و فەرمانبەران تێکرڕا بگۆڕین و لەبری ئەوان کەسانی دڵسۆزو کارامە بخرێنە سەرکار ..

٣ – پێویستە سەراپای پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن بگۆڕێت چ لە ئاستی سەرەتایی وە ناوەندی و ئامادەییدا بێت . چ لەئاستی زانکۆو خوێندنی باڵادا بێت . چونکە پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر فکرو ڕەوشت و هەڵسو کەوتی ئەندامەکانی گەلەکەمان ..

٤ – هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی گەلی تورک بۆ سەر بنچینەو نەریت و مێژوی خۆی کە ماوەی چل ساڵ زیاترە هەوڵی جیاکردنەوەی ئەم گەلە دەدرێ لە شارستانیەت و ڕابردووی خۆی ، بەڵام جگە لە هەژاری و برسێتی و گیروگرفت هیچ دەستکەوتێکی بەدەستەوە نەدا ..

٥ – دورکەوتنەوە لە بازاڕی ئەوروپای هاوبەش ..

٦ – پاکردنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دروستکردنی گۆڕانکاری لەدام ودەزگاکانیدا بە جۆرێک کە ئەرکی خزمەت کردن و ڕونکردنەوەی واقیعەکان بگرێتە ئەستۆ نەک ئاوەژووکردنەوەی ڕوداوەکان و ڕێبازی چەواشەکردن بێت ...

٧ – ئیسرائیل تەنها جولەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو ئەمەریکاو زایۆنیزم بە گشتی بریتین لە هاوپشت و هاوبیری جولەکەو ئەمانەش دوژمنی ئیسلام و موسوڵمانانن .

٨ – کێشەی ئابووری تاکە گرفت نیە بۆ دەوڵەتی تورکیا بەڵکو دابەزینی متمانە بەخۆو ورە دابەزین گەورەترین کێشەی گەلی تورکن .. وێڕای بلاْوکردنەوەی بنەماکانی ناسینی پارتەکەیان ، پارتی یاسایی نیشتمانی بەیانی حیزبیان بەناو جەماوەردا بلاْوکردەوە ..

لەسەرەتای لەدایکبونی ئەم پارتەدا ( د. نجم الدين أربكان )و هاوڕێکانی چالاکانە ئەم بنەماو پەیرەو بۆ چونیان لە نێوان لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و بێکاران و فەرمانبەراندا بلاْودەکردەوە و گیانی فیداکاری و لەخۆبوردن و قوربانی دانیان لە دڵی گەلی تورکدا دەچاندو متمانەی گەڕانەوە بۆ دەسەلاْتی ڕابردوی ئیسلامییان تیادروست دەکردنەوە .. بەم شێوە کارامەیە توانیان جەماوەرێکی زۆر لە خۆبگرن لەوانە ( یەکیەتی نیشتمانی قوتابیانی تورک ) پابەندبونی خۆیان ڕاگەیاند بە پارتی یاسای نیشتمانیەوەو بوبە پشتیوانیەکی بێ هاوتاو لێ وەشاوە بۆ بیرو بۆچونەکانی أربكان .. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵەی نور خەباتیان گواستەوەو بونە قوتابی چالاک وە زرنگی پارتی یاسای نیشتمانی .. وە ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتارو کادرو پسپۆری ( حزبی عدالە ) هاتنە ناو پارتی یاشای نیشتمانیەوە دەستیان کردە تێکۆشان و خەبات لە پێناوی بەرزی دینی خوا .. تەنانەت چەندەها شارو لادێ بە تێکڕایی دەنگیان دایە پاڵ حیزبی یاسای نیشتمانی و بونە ئەندام تیایدا ... بەو هۆیەوە دەبینین بە تێپەڕبونی ساڵێک توانی ( ٦٠ ) مەڵبەندو ( ٣٠٠ ) لق بکاتەوە لەسەر تاسەری تورکیادا هەروەها لەو ساڵەدا کۆنگرەی یەکەمی حزب بەسترا کە وەک خۆپیشاندانێکی جەماوەری وەهابوو کە توانی بونی خۆی بسەلمێنێت لەنێو جەماوەردا و تەنانەت زۆر لە کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆکان کۆنگرەکەیان ڕاستەوخۆ پەخشکرد وە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەریان نوسی ... ئەمەش بەشێکە لە ووتەی سەرۆکی پارتی یاسای نیشتمانی کە لەسەرەتای کۆنگرەکەدا پێشکەشە کرد :

« پارتی یاسای نیشتمانی توانی لە ماوەی سالێکدا دەست بگەیەنێتە زۆربەی ناوچەکانی تورکیا ، وە لەلایەن جەماوەرەوە پشتگیری لێکراوە ، جەماوەری ئێمە جەماوەرێکی ئیسلامیە ، ماسۆنیەت و شیوعیەت توانیویانە بەهۆی نەخشەو پلانەکانیانەوە ولاتەکەمان کاول بکەن ، بازرگانی و ئابوری و کاروباری ولات لەدەست ئەواندایە پرۆگرامیان داناوە بۆ زانکۆکان کە ئێستا بوتە مەلبەندی خراپەو تاوان ، خۆشتان بەرهەمەکەی جوان دەبینن هیچ ڕێگەیەک نەماوە بۆ بەرگرتن لەم شالاوە تەنها ڕێبازی کارکردن وچالاکی نواندن نەبێت ، با هەولبدەین ئێستامان وابەستەبکەین بە ڕابردووەوەو دەست و دلمان یەک خەین و لەهەولی بێوچاندا بین » .

دکتۆر نجم الدين أربكان لەو کاتەوە خۆی و هاوەلەکانی سەرکردایەتی پارتەکەی کەوتنە گەڕان شار بە شار و دێ بە دێ ، تێکڕای کاتەکانیان تەرخان کرد بۆ چالاکی نواندن و سود وەرگرتن لە بارودۆخی حزبەکانی دیکە چونکە هەموو کات ئاوەها ئازادی بونی نابێت ، بتوانن بە سەربەستی کاربکەن بۆیە چالاکانە هەولیان دەدا ئەو هەلە بقۆزنەوە . بۆچونەکەشیان ڕاست دەرچوو کاتێک حکومەتی تورکیا هەستی کرد بە بەرفراوانی بنکەی جەماوەری پارتی یاسای نیشتمانی و بەهێزبونی کاریان لە بوارە جۆر بە جۆرەکاندا . لە مانگی ئازاری ( ١٩٧١ ) دا بڕیاری هەلوەشاندنەوەی ئەم پارتە درا لەلایەن دادگای قەزائی تورکیاوە و بەبیانوی ئەوەی گوایە ئەم پارتە :

١ — کاردەکات لە پێناو هەلوەشاندنەوەی علمانیەت و بلاوکردنەوەی ئیسلامیەت ..

٢ — کارکردن دژی بنەماکانی فەرمانڕەوایەتی ئەتاتورک .

٣ — هەستان بە خۆپیشاندانی ئاینی ..

بەلێ پاش شانزە مانگ کاری چالاکی بەردەوام و سەمەردار ئەم پارتە هەلوەشایەوەو ئەندامەکانیان پەرتەوازە کران و ڕێگەیان لێ گیرا کە پەیوەندی بکەن بە هیچ حزبێکەوە یاخود حزبێکی نوێ دابمەزرێنن وە هەموو دارایی و سامانی پارتەکە لەلایەن دەولەتەوە دەستی بەسەدا گیرا ..؟ لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا ( د. نجم الدين أربكان ) تورکیای بەجێ هێشت .. تا بارە گرژیەکە هێور ببێتەوە و بڕیاری مانەوەی دا لە دەرەوەی ولات ...

( پرۆژەیەکی نویٚ )

پاش هەڵوەشانەوەی ( پارتی یاسایی نیشتمانی ) تورکیا بووە مەڵبەندی تیرۆرو کوشتار بەتایبەتی ئەم کارانە بەرامبەر ئەفسەرانی ئەمەریکا و تورکیا ئەنجام دەدرا .. لەلایەکی دیکەشەوە تەقاندنەوەی دام و دەزگاکانی میری دەستی پێکرد .. چەپرِەوە مارکسیەکان لە پشتی ئەم کارە دزێوانە بوون کە ئاسایشی تورکیای خستە مەترسیەوە باری ئابوریش بە شێوەیەکی چاوەرِوان نەکراو دارِوخانی بەخۆوە بینی ..

ئەم بارودۆخە نوێیە زەمینەیەکی وای هێنایە کایە کە سوپای تورکیا و حکومەت ناچاربن لە بریاری هەڵوەشاندنەوەی پارتە ئیسلامیەکان پاشگەز ببنەوە .. ئەم کارەی سوپاو حکومەت لە ئاکامی خۆشەویستی و دڵسۆزیان نەبوو بۆ ئاینی ئیسلام و ئیسلامیەکان .. بەڵکو بەمەبەستی لێدان و بنەبرِکردنی چەپرِەوەکانی تورکیا بوو کە بە خوڵقاندنی ئەم ململانێیە حکومەت دەتوانێت بە ئاسانی خۆی بگرێتەوە ، بەڵیٚ ئەم بارودۆخە نوێیە وای کرد ( أربکان و هاورِێکانی ) بێنەوە مەیدان وە پارتی ( السلامه الوگنی ) یان دامەزراند ، کە عبدالکریم دوغرو _ و _ تورهان أطیول _ سەرکردایەتیان ئەکرد ... کە دوو کەسایەتی زاناو پسپۆری ئابورین ... پاش هەڵوەشاندنەوەی پارتی یاسای نیشتمانی ئیدی بۆ ( نجم الدین أربکان ) نەبوو سەرکردایەتی پارتێک بکات ، ئەمەش بەهۆی بریاری تایبەتی حکومەتەوە ..

( حزب السلامه الوگنی ) لە بەرواری ١١ / ١٠ / ١٩٧٢ دا بە رِەسمی دامەزراندنی راگەیەنرا .. ئەم پارتە نویٚ یە لەسەر ئەم بنچینانە کاری دەکرد :

١ – بەرپاکردنی ئاشتی و ئاسایش لە تورکیادا ...

٢ – ئاوێتە کردنی گەل لەگەڵ حکومەتدا ...

٣ – دروستکردنەوەی تورکیای گەورە ...

٤ – بەرپاکردنی رِاپەرینی ئەخلاقی ...

٥ – بەرپاکردنی بوژانەوەی ئابوری ...

لەپاش دامەزراندنی ئەم حزبە نوێیە ، هاورێکانی ( أربکان ) بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی پێشویان چاک لەوە گەشتن کە ئەمە هەلێکی زێرینەو پێویست دەکات کە بە خێرایی پێشبرِکیٚ . لەگەڵ کاتدا بکەن و

شەو رۆژ بدەنە دەم یەک وە تیایدا خۆیان بەکاری پێویستەوە خەریک بکەن چونکە دڵنیا بون کە چارەسەرێکی چاکتر لەوەی  پێشوو چاوەڕێیان ناکات ... هەموو ئەم هۆکارانە وای کرد کە زۆر بە لێبڕاوی و کۆڵنەدانەوە دەست بکەنەوە بە بانگەوازو بلاۆکردنەوەی پەیامی پیرۆزی ئیسلام .. وە گەڕانەوەی گەلی تورکی بۆ سەرچەشمە بێگەردەکەی ...

لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی _ حزبی السلامە _ دا توانیان لە ماوەیەکی خێرادا سەنگی خۆیان دەربخەن لەناو جەرگەی تورکیادا .. ئەویش لەم چەند خاڵەدا خۆی دەنوێنێ :-

١ – لە رۆژی دامەزراندنیەوە تا – ینایری – ١٩٧٣ توانی ( ٣٤ ) مەڵبەندوا ٣٠٠ لق بکاتەوە لە گشت ناوچەکانی تورکیادا .

٢ – رۆژنامەی ( مللی گازیت ) ی لە ( ١٢ / ١ / ١٩٧٣ ) دا دەرکرد .

٣ – کۆنگرەی یەکەمی حزب لە ( ٢١ ینایر ١٩٧٣ ) بەسترا .

٤ – حزب بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرد لە ١٤ / ١١ / ١٩٧٣ ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەم شێوەیە بوو :

- پارتی گەلی کۆماری ٣٣ ٪
- حزبی عەدالە ٢٩ ٪
- پارتی دیموکراتی ١٢ ٪
- پارتی سەلامە ٨ , ١١ ٪

کە بەمەش توانی ( ٤٨ ) کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت . دروشمی حزب لە هەڵبژاردنەکاندا بریتی بوو لە ( کارگەیەک بۆ هەموو پارێزگایەک ) وە توانی لەگەڵ  پارتی گەلدا ، رێک بکەوێت و حکومەتێکی ئیتیلافی دروست بکەن بەمەش ( بولند أجاوید ) بو بە سەرۆک وەزیران و ( دکتۆر نجم الدين أربكان ) یش بوو بو جێگری  سەرۆک وەزیران ..

١ – لە حکومەتی نوێدا حەوت وەزارەتی پێ سپێررا : - وەزارەتی داد _ وەزارەتی ناوخۆ _ وەزارەتی دەوڵەت _ وەزارەتی بازرگانی _ _ وەزارەتی گومرگ _ وەزارەتی کشتوکاڵ _ وەزارەتی پیشەسازی ..

بەم شێوەیە بوژانەوەی ئیسلامی لە ماوەیەکی کورتدا هەنگاوێکی گەورە چووە پێشەوە ( حزبی السلامە )ش توانی بگاتە ڕیزی پارتە گەورەکان ..

لە کاتی فەرمانڕەواییدا ( حزب سەلامە ) ئەم دەستکەوتانەی بەدەست هێنا :

١ — کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پەیمانگاو قوتابخانەی قورئان لەبەرکردن و پێگەیاندنی مامۆستایان ..

٢ — بۆ یەکەم جار وانەی پەروەردەی ئیسلامی لە پرۆگرامی خوێندندا فەرز کرا لە قوتابخانەکاندا ..

٣ — بانگەشە بۆ دروست کردنی کارگە لە ناوچەی ئەنادۆڵدا .

٤ — ڕێگەدان بە تورکەکان کە سەفەری حەج بکەن بەهۆی ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەرەوە کە ئەمە پێشتر قەدەغە بوو .

٥ — دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی سیاسی کە ئەمەش وای کرد چەندین بەندکراوی ئیسلامی ئازاد بکرێت کە چەند ساڵ بوو بەند کرابوون و کەس و کاریان بێ ئومێد بوون لە هەواڵ و چارەنوسیان .

٦ — دەست کێشانە ناو کاروباری قبرص و بە دەست هێنانی سەرکەوتنێکی گەورەی سەربازی .

٧ — چاو خشاندنەوە بە مەترسی ماسۆنیەت و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی .

٨ — پەروەردەکردنی لاوانی موسوڵمان لەسەر مەشقی سەربازی ئەویش بە قۆستنەوەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەم مەبەستە ...

هاوپەیمانێتی پارتی سەلامەو پارتی گەل ، جێگای تێڕامان بوو لەلایەن زۆرێک لە موسوڵمانانەوە ..پارتی گەل ئەو پارتە بوو کە دەستی بە خوێنی موسوڵمانانی تورکیا سوور بوو ، ئەو پارتە سەر سەختە بوو کە هەمیشە دژایەتی کاری ئیسلامی دەکرد لە تورکیا . .

خیلافەتی ئیسلامیش لەسەر دەستی ئەودا شکستی خوارد ..

ئەم شێوە تازە هاوپەیمانێتیە شتێکی نوێ بوو لای ئیسلامیەکانی تورکیا و دەرەوەی تورکیاش ، لەبەر ئەوەگەلێک گرفتی بۆ پارتی سەلامە دروست کرد ،بەڵام بەهۆی دانایی و لێهاتویی سەرکردایەتیەکەیەوە توانی ئەو قۆناغە ئاڵۆزە ببڕێت ..ئەم هاوپەیمانیەتیە نۆ مانگ و نیو تەمەنی بوو ، لە ( ١٨ — ئەیلول — ١٩٧٤ ) دا ( بولند أجاوید ) دەستی لەکار کێشایەوەو بەرەیەکی نیشتمانی دروست بوو بە سەرۆکایەتی ( سلێمان دیمریل ) کە پارتی عەدالە و پارتی سەلامەو پارتی متمانەی کۆماری و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی

لە خۆگرتبوو ..لەم بارە تازەیەشدا پارتی سەلامە توانی بەردەوام بێت لە خزمەت کردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ..وە توانی چەند بڕیارێک بە پەرلەمان دەربکات ، کە دەسکەوتێکی مەزن و گەورەی پێ بەدەست بهێنێت .

١ – لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاردرا کە سەروەت و سامانی نەوەکانی سوڵتانی عوسمانی بدرێتەوەو ڕێگا بدرێت کە لە هەندەران بگەڕێنەوە ..

٢ – نزیک خستنەوەی تورکیا لە وڵاتانی ئیسلامی .

٣ – گرنگی دان بە پیشەسازی و بەهێزکردنی بەرهەمی ناوخۆیی ..

٤ – ژمارەیەکی زۆر جەماوەری لەخۆ کردەوە بەهۆی کاری خزمەت گوزاری و خێرخوازی دەزگاکانی حکومەتەوە ..

ئەم هەنگاوانەی پارتی سەلامە ، ترس و نارەحەتی لە دڵی علمانیەکاندا دروستکردهەرلەبەر ئەو هۆیەش بوو کە هاوپەیمانێتی نوێش هەڵوەشێنرایەوە ..

لە ( ٥ / ٦ / ١٩٧٧ ) دا هەڵبژاردنی نوێ سازکرا .. پارتی سەلامە تیایدا بەهۆی پلانێکی نەخشە بۆ کێشراوی چەپ ڕەوەکانەوە شکستی هێنا .. کە لە ئەنجامیشدا ٢٤ کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا ..

هۆکانی ئەم شکستەی پارتی سەلامە بریتی بوو :

١ – ڕاگەیاندنی دەرەوە بەتایبەت بەریتانیاو ئەمەریکاو ڕوسیا شاڵاوێکی نارەوای زۆر توندیان کردە سەر پارتی سەلامە بە ئاشکرا ئەوەیان دوپات دەکردەوە کە هەراسانن بە هەنگاوەکانی پارتی سەلامە و پێیان چاکە پارتی گەل بێتەوە سەر کورسی دەسەڵات ..

٢ – لەڕووی ماددیەوە – پارتی گەل وپارتی عەدالە ( ٥٠٠ ) ملیۆن لیرەی تورکیان خەرج کرد بۆ پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن لە کاتێکدا پارتی سەلامە ١٠ ٪ ئەو برە پارەیەی بۆ سەرف نەکرا ..

٣ – لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە پارتی گەل و پارتی عەدالە بە ڕاستەخۆو ناڕاستەوخۆ جڵەوی تێکڕای ڕۆژنامەکانی تورکیایان لە دەست دابوو بەڵام پارتی سەلامە تەنها دوو ڕۆژنامەیان هەبوو .

٤ – پێش خستنی کاتی هەڵبژاردن : کاتیش دەوری گرنگی خۆی هەبوو چونکە هەڵبژاردن خۆسازدانی شیاوی پێویست بوو بڕیار بوو لەسەرەتاوە کە هەڵبژاردن لە ( ٥ / ١٠ / ١٩٧٧ ) ئەنجام بدرێت بەڵام بە

قازانجی خۆیان ، دەسەلأتداریەتی تورکیا پێشیان خست بۆ ( ١ / ٦ / ١٩٧٧ ) کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پارتی سەلامە ، بەتایبەت کە زۆرێک لە پرۆژەکانیان ئامادە نەکرابون .

٥ – ساختەکردن _ تزویر _تێکڕای جەماوەری تورکیا و ڕای گشتیش هەستیان کرد بەو ساختە بازاڕیەی کە ئەنجام درابوو ، کە دەگەشتە ڕێژەی ( ٥ , ٢ ) ملیۆن دەنگ کە ئەندامانی پارتی گەل و پارتی عەدالە و بزوتنەوەی نەتەوەیی لە چەندین جێگاوە بۆ چەند جارێک دەنگیان دەدا ..

٦ – کۆمەڵەی نوور / لە ڕاستیدا فاکتەری بنەڕەتی شکست هێنانی پارتی سەلامە کۆمەڵەی نوور بوون ، کە هەموو باڵەکانیان دەنگیان بۆ پارتی عەدالە دا .. هەربەوەشەوە نەوەستان بەڵکو لە ڕێگای ڕۆژنامەکانیانەوە( ئاسیای تازە – أسیا الجدیده ) هێرشی بێ جێ و ناشیرینیان دەکردە سەر أربکان و پارتەکەی .. لەپاڵ

کۆمەڵەی نوردا چەندەها گروپ و تاقم هەبوون کە لە چوارچێوەی ئیسلامدا کاریان دەکرد بەڵام گشت هێزو توانای خۆیان خستبوە گەڕ لە دژی پارتی سەلامە وەدەنگیان بۆ علمانیەت دەدا .. لەوانە ک جماعە المجادلە ، السلمانیون ..

پاش ئەو هەموو کێشەو گرفتانەو تێکڕای ئەو نەخشە داڕێژراوانەی کە بۆ بەرکەنارکردنی پارتی سەلامە جێ بە جێ کران ، ئاکامەکەی ئەوە بوو کە لە هیچ کام لە پارتی گەل و پارتی عەدالە نەیانتوانی زۆرینەی دەنگ مسۆگەر بکەن لە پەرلەماندا ، ناچاربون پاش سێ مانگ قەیرانی وزاری لە ( ١ / ٨ / ١٩٧٧ ) دا حکومەتی ئیئتیلافی دروست بکرێت لە نێوان پارتی عەدالەو پارتی سەلامە و بزوتنەوەی نەتەوەیدا .. کە بەم هۆیەشەوە پارتی سەلامە جارێکی تر گەڕایەوە سەر شانۆی فەرمانڕەوایی .. بە گەڕانەوەی پارتی سەلامە بۆ سەردەسەلأت کێشەو ڕێگری شالأو لە دژیان کۆتایی پێ نەهات .. بەڵکو دژایەتی تا دەهات سێوازی نوێی لەخۆ دەگرت بەتایبەت شالأوی فکری و سیاسی و پڕوپاگەندەی لە خشتە بردن بەردەوام بوو ..

هەر لەو کاتەدا ئەمەریکاش دەیویست بە ئاشکرا دەست بکێشێتە ناو کاروباری تورکیاوەو ڕێکەوتننامەی نێوان پارتی ( عەدالە و سەلامە ) هەڵوەشێتەوەو حزبی گەل بگەڕێتەوە سەر کورسی دەسەلأت ...

ئەم هێرشە نارِەوایانە بەردەوام بوو ، تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٨ دا توانرا حکومەتە ئیئتلافیەکە هەڵبوەشێنەوەو دەسەڵات جارێکی تر بدەنەوە دەست پارتی گەل بەتاک رِەوی.. گۆرِانکاری بەردەوام بوو ، بارودۆخ زۆر ئاڵۆزبوو ، لە ساڵی ( ١٩٧٩ ) شدا دەسەڵات درایەوە دەست پارتی عەدالە ، بەتاک رِەوی ..

ئەم شێوازەی خودگەرایی ( دیکتاتۆری ) حزبی یە لەدەسەڵاتدا تا دەهات زیاتر باری هێمنایەتی تورکیای دژوارو ناهەموار دەکرد ، دەرئەنجام ئەوەبوو کە کوردەکانی کوردستانی تورکیاو ئەرمەنەکان بانگەشەی جیابونەوەو سەربەخۆییان دەکرد لە تورکیا .. وە هەرِەشەیان لە حکومەتی مەرکەزی دەکرد کە بە کاری سەربازی هەڵدەستن لە دژی سوپای تورکیا .. لەلایەکی تریشەوە چەپرِەوەکان لەگەڵ سوپادا کەوتنە جەنگ و رِوداوی خوێناوی لەو بەینەدا بەرپا بوو ، بەتایبەت پاش ئەوەی چەپرِەوەکان توانیان دەست بەسەر شاری ( فسگە ) دا بگرن .. لە رِووی ئابوریشەوە تورکیا بۆ جاری هەشتەم ناچار بوو نرخی دراوی سەرەکی خۆی ( لیرەی تورکیە ) دابەزێنێت لەماوەی شەش مانگا .. کە ئەمەش بووە هۆی بەرزبونەوەی نرخی شت و مەک و بە شێوەیەکی چاوەرِوان نەکراو کە بارێکی ناهەمواری خوڵقاند بەتایبەت بۆ هەژاران ... دزی و خراپەکاری و رِفاندن و گیروگرفت نانەوە لە دەزگاکانی حکومەتداو لەناوچەکاندا ..سیمایەکی دیکەی دزێوی ئەم بارودۆخە بوو ..

لە نێو ئەو هەموو بارە ئاڵۆزەدا دورخستنەوەی پارتی سەلامە لە دەسەڵات ..( أربکان ) یان ساردنەکردەوە بەڵکو بە گرِوتینێکی نوێوە کەوتە کار ،کە لەم ماوەیەدا زیاتر زیاتر گرنگی دایە بانگەوازو بلاْوکردنەوەی میتۆدو بیروبۆچونی ئیسلامیو پتەوکردنی رێکخستنی پارتەکەی لە ( ٦ / ٩ / ١٩٨٠ ) دا ، لە شاری ( قۆنیە ) بۆ یادی رِۆژی جیهانی قودس زیاتر لە ١٠٠ هەزار لاوی پارتی سەلامە بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد( اسلامیە .. اسلامیە .. لاشرقیە .. لاغربیە )

رِۆژ لە دوای رِۆژ پارتی سەلامە پۆل پۆل و دەستە دەستە خەڵکی لەخۆ دەگرت لە جەماوەری تورکیا و کەمایەتیەکان و تا دەهات پارتەکە لەگەشەکردندا بوو وە جم و جوڵ و کارکردنی زیادی دەکرد .. لە بواری سیاسیشدا پارتی سەلامە گۆرِەپانیبەجێ نەهێشت ، بەڵکو داوایان لە حکومەتی تورکیا دەکرد کە واز لە بەکارهێنانی پیتی لاتینی بهێنێت و بگەرِێتەوە سەر زمانی قورئانی پیرۆز ... وە چەندین مزگەوتی

داگیرکراویان ئازاد کرد .. چەندین کۆڕو ئاهەنگ و خۆپیشاندانی جەماوەرییان سازکرد بۆ پشتیوانی خەباتی ڕەوای گەلانی چەوساوە لەوانە بۆ پشتیوانی کردن لە گەلی موسوڵمانی فەڵەستینی و خەباتی ڕەوای لە دژی ڕژێمی زایۆنی .. وە داوایان لە حکومەتی تورکیا دەکرد کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا بپچڕێنیت .

ئاڵۆزبونی بارودۆخی تورکیا بەردەوامی بە خۆیەوە بینی .. کە ئەمەش زەمینەی سازکرد بۆ ئەوەی کە ئەمەریکا دەست بکێشێتە ناو کاروباری تورکیاوە .. ئەوەبوو لەڕێی سیخوڕو بەکرێ گیراوەکانی خۆیانەوە کودەتایەکی شومی سەربازیان بە سەرکردایەتی ( جنرال كنعان أفرين ) لە ( ١١ / ٩ / ١٩٨٠ ) بەرپا کرد .. کە بەهۆیەوە ژیانی سیاسی و پەرلەمانی هەڵوەشێنرایەوە جنرال كنعان أفرين بوو بە سەرۆکی حکومەت .. پارتی سەلامە پاش ئەو کودەتا سەربازییە ، خۆی لەبەردەم بارودۆخێکی نوێدا بینیەوە ، بەتایبەت کە چاک دڵنیا بوو کە جولەکەو ڕۆژئاواو ئەمەریکا پشتیوانی ئەو کودەتایە دەکەن و مەبەستیانە هاوکاری بکەن تا بوژانەوەی ئیسلامی لە تورکیادا سەرکوت بکەن . ( كنعان أفرين ) یش کودەتاکەی ڕاگەیاند لەڕۆژی یەکەمی کودەتاکەدا : ( سوپا دەستی کێشایە ناو حکومەتەوە تا بوژانەوەی ئیسلامی لە تورکیادا بوەستێت .. )

## --- قۆناغێکی نوێ ---

### بڵێسەی پاش خەفە کردن :

ئەنجام دەرانی کودەتا سەربازیەکە گۆش کراوی ئامێزی ڕەشی _ اتحاد و ترقی _بوون و هەمان عەقڵییەتی ئەو کاتەیان هەبوو کە خیلافەتی ئیسلامی پێ لەناو برا .. ئەوە بوو لەپاش کودەتاکە دەست بەجێ ڕایانگەیاند کە ئەنجامی سەرەکی ئەم کودەتایە بۆ دژایەتی بوژانەوەی ئیسلامیەوە و گەڕاندنەوەی تورکیا بۆ سەر ڕێڕەوی بیرو بۆچونەکانی ئەتاتورک .. لە پێناوی هێنانەدی ئەم مەبەستەشدا چەندین لیژنەی سەربازیان پێک هێنا بۆ دادگایی کردنی ئیسلامیەکان و کەوتنە کوشتن و ڕاوەدونانیئەندامانیان و لایەنگرانی پارتی سەلامە .. وە لە ڕۆژی ( ٢٤ / ٤ / ١٩٨١ ) شدا ،أربكان و ( ٣٣ ) کەس لە ئەندامانی پارتی سەلامە دادگایی کران بە تۆمەتی کۆمەڵێک تاوان .. ئەو تۆمەتانەش بریتی بوون لە :

١ – داواکردنی پارتی سەلامە ، کە رۆژی هەینی پشووی گشتی بێت ..

٢ – داواکردنی پارتی سەلامە ، کە ژن و ژنخوازی لەسەر بنچینەی ئیسلام بێت ..

٣ – ناو هێنانی خوای گەورەو ئاینی ئیسلام لەلایەنی پارتی سەلامەوە لە کاتی کۆبونەوەکانیاندا و شانازی کردنی بە مێژووی خیلافەتەوە ..

وێرای رەتکردنەوەی تێکرای هەموو ئەو تۆمەتانە کە بیانوو بوون بەدەست کودەتاچیەکانەوە .. چونکە ئەوان پێشتر نەخشەو پلانەکەیان دارشتبوو بۆ لەناو بردنی پارتی سەلامە .. ئەوە بوو لەئاکامدا پارتی سەلامە هەڵوەشێنرایەوەو أربکانخرایە بەندینخانەوە و هەموو مافێکی کاری سیاسیان لێ سەندەوە ...

## --- گۆڕانکاری بەردەوام ---

دەسەڵاتی رەشی کودەتاچییەکان کۆتای هات ، لە ساڵی ١٩٨٣ ، بەمەش جارێکی تر ئازادی سیاسی هاتەوە کایە . لەم بارودۆخە نوێیەشدا ( دکتۆر نجم الدین أربکان )گەرایەوە گۆرەپانی سیاسی و لە ( ١٩ / ٧ / ١٩٨٣ ) دا پارتی ( رەفاە ) ی دامەزراند ، لەبەر ئەوەی کە أربکان مافی کاری سیاسی لێ سەنرابویەوە نەیتوانی خۆی سەرکردایەتی بکات ، سەرکردایەتیەکەی سپارد بە ( أحمد تکتاڵ ) .. پارتی رەفاە میراتگری شەرعی پارتی سەلامەی نیشتمانی بوو .. بە گروتینێکی نوێوە دەستی بە کارەکانی کرد .. لە ساڵی ١٩٨٤ یشدا هەڵبژاردنەکانی شارەوانی کردوا( ٤ ٪ ) ی دەنگەکانی بەدەست هێنا ..

لە ساڵی ١٩٨٧ دا ، لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا توانی ( ٨ ٪ ) ی دەنگەکان بە دەست بهێنێت .. هۆکاری سەرەکی چونە دواوەی توانای پارتی رەفاە لە چاو حەفتاکاندا .. دوو هۆکار بوو :

هۆکاری یەکەم / رێگە نەدان بە ئەندامە کارامەو لێهاتوەکانی سەرکردایەتی پارتی سەلامە کە بەشداری کاری سیاسی بکەن .. کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر توانای پارتی رەفاە .. لە ( ٦ / ٩ / ١٩٨٧ ) دا ئەو مافە درایەوە بە ( نجم الدین أربکان ) کە بەشداری کاری سیاسی بکات ..

هۆکاری دووەم / دانانی کۆمەڵێک بەرگری زیاتر لە بەردەم پارتی رەفاهدا بۆ ئەوەی کە دەنگی زیاتر بە دەست نەهێنێ وەک پێویست پەیوەندی بەجەماوەرەوە نەکات .

لەوانە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی لێ قەدەغە کرا لەرێی تەلەفزیۆن و رادیۆوە ، کە پێشتر هەموو پارتێک ماوەو کاتی تایبەتی هەبوو بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن ،لەلایەکی ترەوە زۆرێک لە رۆژنامەکان

سانسۆریان خستبوە سەر ڕاگەیاندنەکانی پارتی ڕەفاه .. تا کەس بە بیرو بۆچونەکانی ئاشنا نەبێت و نەناسرێت بە جەماوەر .

ڕێکخراو و پارتە چەپ ڕەو و عەلمانیەکانی تورکیاش بە خەستی دژایەتی پارتی ( ڕەفاه ) زرنگانە ساڵی هەشتاکانی کردە ساڵی گەشە سەندن و چالاکی نواندن و فراوان کردنی بنکەی جەماوەری و ئاشناکردنی پارتی ڕەفاه بە جەماوەر .. شکاندنی ئەو ئابڵوقە نارەوایەی کە لە بواری ڕاگەیاندن و سیاسیدا بەسەریدا سەپێنرا بوو ..

بۆ ئەم مەبەستە نەخشەیان کێشا بوو کە لە ماوەیەکی دیاری کراودا دەبێت ژمارەی ئەندامەکانیان بگاتە یەک ملیۆن ئەندام بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکەش لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا پێنج ئەندام دانرا لێپرسراو و چوار ئەندامی کارامە و لێهاتوو،پێنج ئەندامەکە کاریان ئەوە بوو کە کۆبونەوەی گشتی بە جەماوەر بکەن هەفتانەو لە ڕێگایەوە پارتی ڕەفاه و پرۆژەکانی بناسێنن .. لە هەموو تورکیاشدا ( ۰۰۰ , ۱۰۰ ) ناوچەی هەڵبژاردن هەبوو ، وە دەبوو سەردانی لادێو شارو شارۆچکەکان بە تێکرا بکرێت ، لە تورکیادا ( ٦٧ پارێزگاو ٣٦٥ قەزاو ٤٠ هەزارلادێ ) هەیە ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە پەیوەندی بە کەسانی ناودارو لێهاتووەوە بکرێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان پتەوتر بکەن لەگەڵ جەماوەردا و پارتی ڕەفاهیان پێ بناسێنن ، جگە لەم چالاکیانە فلمێکی بەڵگەنامەیی یان پیشانی جەماوەردەدا کە ناسنامەیەکی چاک بوو بۆ ئاشناکردنی ڕەفاه بەجەماوەر ، ئەم فلیمە ناونیشانی ( بۆچی پێوەندی دەکەیت بە پارتی ڕەفاهەوە ) لە خۆگرتبوو ..یەکێک لە وەڵامە کاریگەرەکانی ئەو فلیمە ئەوە بوو کە من پەیوەندی دەکەم بە پارتی ڕەفاهەوە لەبەر ئەوەی سێ نانم دەست کەوێت لەبری نانێک .یەک نان لەو کاتەدا لە تورکیا بە ( ١٠٠ ) لیرە بوو ... لەو سەد لیرە ( ٣٦ ) لیرەی سوووە ( ٢٤ ) لیرەی سەرانەیە کەواتە ( ٦٠ ٪ ) ی پارەی خەڵکی دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارو دەوڵەمەندەکانەوە .. لە کاتێکدا کە یاسای پڕ دادوەری ئیسلامی باڵادەست بێت ، ئەو ( ٦٠ ) لیرە دەچێتەوە نێو گیرفانی هەژاران لەبری سەرمایەداران .. ئا بەم جۆرە فلیمەکە پڕ بوو لە بەڵگەو سەرژمێری دروست ، کە سودیان لەسەرژمێرییەکانی حکومەت خۆی وەرگرتبوو بۆ ئەو مەبەستە .. بەم شێوەیە فلیمەکە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر کۆبونەوەی خەڵکی لەدەوری ڕەفاه .

لەڕووی ڕێکخستنیشەوە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی ڕێکخستنی تایبەتی دانا بۆ ( ئەندازیاران ، پارێزەران ، پزیشکان ، فەرمانبەران ، کرێکاران ...) وە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزی وەک ماجسترو دکتۆرا ، هەروەها کەسانی خاوەن بەهرەی گرنگ . جگە لەمەش پارتی ( ڕەفاه ) کۆڕی جەماوەری و مێزگردی مانگانەی بۆ ناوچەکان سازدەکرد .. بەتایبەت بۆ شارە گەورەکانی وەک ( أنقرە و أستنبولْ ) وە دەزگایەکی پەروەردەی بۆ پێگەیاندنی ئەندامانی لەبواری فیکری و ڕۆحی و ڕۆشنبیریدا دامەزراند ... هاوشانی ئەمەش دەزگایەکی نەخشەکێشانی بۆ دانانی نەخشەی ساڵانەو دابەزاندنی بڕیارو ڕاسپاردەی بۆ بەشەکان و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی نەخشەو بڕیارەکان دامەزراند ...

بەم شێوەیە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی بویە سەر مەشق لە چالاکی نواندن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و مەرکەزیەت لە کارکردندا ، خێراو بەزوویی بوویە پێشەنگی پارتە گەورە گۆڕەپانی سیاسی لە تورکیادا .

پارتی ڕەفاهی ئیسلامی یەکێکی دیکە لە کارەگرنگەکانی ئەوە بوو کە دروشمی هەژێنەرو سەرنج ڕاکێشی هەبوو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا .. کە بەڕوونی و ئاسانی ئامانج و مەبەستی پارتی ڕەفاهی ئاشنای خەڵکی دەکرد .. وە دەبوو لەمپەرێکی چاک لەبەردەم پڕوپاگەندەی ناحەزاندا تاسەرلە خەڵکی نەشێوێنن .. بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە گەیاندنی بنەماو بۆچونەکانیدا بە خەڵکی .. لەو بنەمایانەی کە ڕەفاهی ئیسلامی وەک دروشمێک بەرزی کردبوویەوەوهەوڵی چارەسازی بۆ دەدا :-

١ – چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ژێر سایەی برایەتی ئیسلامدا ، وە بەو پەڕی لێبڕانەوە داوای دەکرد کە کوردەکانی کوردستانی تورکیا بواریان بدرێت بە زمانی کوردی قسە بکەن و کاڵای کوردی بپۆشن و تەلەفزیۆن و بلاْوکراوەی تایبەتیان بەزمانی کوردی هەبێت .

وە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە گرنگی زیاتر بە ناوچە کورد نشینەکان بدرێت لە ڕووی ئابوری و بنیات نانی کارگەو پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پێویس پێی ، وە لەڕووی سیاسیشەوە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی پێی وابوو کە گفتوگۆی ڕاستەخۆ تاکە چارەسەرە بۆ نەهێشتنی گرفتەکان لەگەڵ ( ) داوە زۆر داکۆکی دەکرد لەسەر گەڕانەوەی ئەو گوندنشینانەی کە لادێکانیان لەلایەن سوپای تورکیاوە سوتێنرابوون ، بۆ شوێنەکانی خۆیان و یارمەتی دانیان لە ئاوەدانکردنەوەیدا ..

٢ – گرنگی دانێکی زۆر بە بواری ئابوری و دژایەتیکردنی سووخواردن و بەرزکردنەوەی نرخی شت و مەک ..و ڕێگەگرتن لە بەرتیل خۆری و بنەبڕکردنی بێکاری و دروست کردنی کارگە .. کە یەکێک لە دروشمەکانی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی ئەوە بوو ( دامەزراندنی کارگەیەک بۆ هەموو پارێزگاو شارێک ) هەر لەڕووی چارەسازی کێشەی ئابووریەوە بڵاوکراوەیەکیان بە چاپ گەیاندو لە ژێر ناونیشانی ( یاسای دادوەر _ النقام العادل ) بە دوو بەش بەشی یەکەمیان ( هەڵسەنگاندن _التشخیص ) و بەشی دووەمیان ( چارەسازی _ العلاج ) کە تیایاندا بە ووردی و وورییەوەبەشێوازێکی زانستی کێشە ئابوریەکانی تێدا خراوەتە ڕوو . لەگەڵ دیاری کردنی چارەسازی گونجاویشدا ..

٣ – بانگەشەکردن بۆ دروست کردنی یەکیەتی وڵاتە ئیسلامیەکان و هەوڵدان بۆ بەستنەوەی تورکیا بە جیهانی ئیسلامیەوە و دوورە پەرێزی لە ڕۆژئاوا ..

٤ – وەستان لە دژی وەرگرتنی تورکیا لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا چونکە ڕەفاهی ئیسلامی مەبەستیەتی کە تورکیا ئابورییەکی خۆی هەبێت ، ئەم هەڵوێستەی پارتی ڕەفاهی ئیسلامیش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دڵنیا بوو لەوەی کە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا لەلایەن سەرمایەدارەکانی جولەکەوە دەستی بەسەرا گیراوە و بەو هۆیەشەوە دەتوانن سوود لە تورکیا وەرگرن وەک بازاڕێک بە مەبەستی گەشەسەندن و بەهێزبوونی ئابوری جولەکەو دەست گرتن بەسەر سودی داهاتی تورکیادا پاشان دابڕینی تورکیا لە جیهانی ئیسلامی .

٥ – گرنگی دانی تەواو بە ئافرەتان ، ئەمەش لەڕووی پەروەردەو پێگەیاندن و هاندانیان کە بەشداری بکەن لە ژیانی سیاسیداو بواریان پێ بدرێت کە کاربکەن و گۆڤارو بڵاوکراوە و بەرنامەی تایبەتیان هەبێت ، وە بانگەشەکردن بۆ ئافرەتان کە دەتوانن بەجل و بەرگی حیجابەوە دەتوانن لە ژیانی ئاسایی و لە ژیانی سیاسیشدا کارەکانیان بەڕێوەبەرن .. کە ئەمەش هۆکارێکی چاک بۆ ئەوەی کە ئافرەتان کەمەندکێش کات بەلای ڕەفاهی ئیسلامیداو دەنگەکانیانی پێ ببەخشن ... شایەنی باسە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی ژمارەی ئەندامانی ئافرەتانی گەشتۆتە یەک ملیۆن ئافرەت ...

٦ – بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی تەنها پارتی ئیسلامیەکان نیيە بەڵکو پارتی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگای تورکیایە .. وە هەرکەسێک ڕازی بێت بەبەرنامەو پرۆگرامی ( پارتی ڕەفاه (

، بە ئەندام وەردەگیرێت بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە مەسەلەی فیکرو ئاینی ئەو کەسە ، بەم هۆیەشەوە دەبینین چمارەیەکی زۆر لە عەلەویەکان و گاورەکان بوون بە ئەندام لە پارتی ڕەفاهی ئیسلامیدا و نوێنەریشیان هەیە ...

٧ — بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی بازاڕێکی ئیسلامی هاوبەش لەگەڵ ولاٌتە ئیسلامیەکاندا .

٨ — بانگەشەکردن بۆ دروست کردنی دراوێکی ئیسلامی سەرتاسەری ( دیناری ئیسلامی ) .

٩ — بانگەشەکردن بۆ دروست کردنی سوپایەکی ئیسلامی یەکگرتوو بە مەبەستی بەرگری کردن لەو ولاٌتە ئیسلامیەکان و هاریکاری کردنی خەباتی گەلانی ژێر دەستەو چەوساوە ... بەهۆی ئەم دروشمانەی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی توانی خەڵکێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەندامانیان زیاتر دەبوو ..

هەروەها ڕووداوە سیاسیە گرنگەکانی وەک هەرەس هێنانی ڕوسیاو جەنگی دووەمی کەنداو و جەنگی بۆسنەو شیشان و کێشەی کوردو ناهەمواری باری ئابووری تورکیاش هۆکارێکی تر بوون بۆ بەهێزبوونی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی هەموو ئەمانە پارتی ڕەفاهیان گەیاندە ئەو ئاستە بالأیەی کە لە ساڵی ١٩٩٦ دا ژمارەی ئەندامانی پیاو بگاتە ( ٤ ملیۆن ) کەس ، وە پارتی ڕەفاه ببێتە یەکەم پارت لەسەرتاسەری تەرکیادا . هەر بەو هۆیانەشەوە بوو کە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی لە
پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٠ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە شێوەیەکی دیار سەرکەوتنی نوێ بەدەست بهێنێت ...

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٥

| ز | ناوی پارتەکان | هەڵبژاردنی پەرلەمانی | هەڵبژاردنی شارەوانی | هەڵبژاردنی پەرلەمانی |
|---|---|---|---|---|
| | | ساڵی ١٩٩٠ | ساڵی ١٩٩٤ | ساڵی ١٩٩٥ |
| ١ | پارتی ڕەفاه | ٦ , ١٦ ٪ ( بە هاوپەیمانێتی دوو پارتی کە ) | ١ , ١٩ ٪ | ٣ , ٢١ ٪ |
| ٢ | پارتی ڕێگای ڕاست | ٢٧ ٪ | ٤ , ٢١ ٪ | ٣ , ١٩ ٪ |
| ٣ | پارتی نیشتمانی دایک | ٢٤ ٪ | ٢ , ٢٠ ٪ | ٦ , ١٩ ٪ بە هاوپەیمانێتی پارتی تورکیای گورە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | پارتی گەلی دیموکراتی | ٨ , ٢٠ ٪ | ٦ , ١٣ ٪ | |

**لە ماوەی نێوان ئەو هەڵبژاردنانەدا پارتی ڕەفاهی ئیسلامی چەندین کاری گرنگی بە ئەنجام گەیاند .. کە خزمەتێکی گەورەی لە ڕێگای ئەو کارانەوەیە بوژانەوەی ئیسلامی کرد لە تورکیا .. هەروەها بووبە هۆکارێکی چاکیش بۆ بەهێز بوونی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی لە ڕووی جەماوەرییەوە ...**

**لە کارە گرنگەکان :-**

**١ – دامەزراندنی ( ٣٥٠ ) قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستای وتاربێژ ( خطیب ) و پێش نوێژ ( إمام ) ( الائمە و الخطباء ) .**

**٢ – دامەزراندنی ( ٣٠٠ ) قوتابخانەی قورئان لەبەرکردن .**

**٣ – دامەزراندنی ( ١٠ ) کۆلێژی شەریعە لە زانکۆ جیا جیاکاندا .**

**٤ – دامەزراندنی ( ٢٠٠ ) کارگەی بچوک .**

**٥ – دامەزراندنی ( ٧٠ ) کارگەی پیشەسازی .**

**٦ – دامەزراندنی ( ٣٥ ) کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی ( محلی ) .**

**٧ – دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی جیهانی ( قەناتی ٧ تورکیا ) .**

**٨ – دەرکردنی ڕۆژنامەی ( میللی گازیت ) کە ڕۆژانە ( ٦٠ ) هەزار ژمارەی لێ دەردەچێت پاشان چەند ڕۆژنامەیەکی تری دەرکرد ، ( عقد ، یەنی ، شفق ) .**

**٩ – بۆ یەکەم جار لە تورکیادا توانی دەوڵەتی تورکیا ڕازی بکات کە ( ١٠ ) خولەک هەواڵەکان لە کەناڵی جیهانی ( ٧ ) وە بە زمانی عەرەبی پێشکەش بکات .**

**١٠ – زیندوکردنەوەی یادی ڕزگارکردنی أستنبوڵ لەلایەن ( محمد فاتح ) لە ٢٩ / ٥ / ١٤٥٣ ز ، کە ئێستا هەموو ساڵێک بۆ ئەو یادە لە شاری أستنبوڵ ئاهەنگ ساز دەکرێت ، کە بە ڕزگارکردنی أستنبوڵ گەورەترین قەڵای خاچ پەرستی هەرەسی هێنا .**

١١ – بە دەست هێنانی بالاْ دەستی لە شارەوانی گەورەترین شارەکانی تورکیادا ، بە تایبەت ( أستنبولْ ) کە پایتەختی رۆشنبیری و بازرگانیە ، ( أنقره ) کە پایتەختی سیاسی تورکیایە ، ( دیاربکر ) کە پایتەختی کوردستانی تورکیایە .

١٢ – بەرزکردنەوەی بوجە و موچەی فەرمانبەر و خانەنشینەکان لەسەر تاسەری تورکیادا ( ٥٠ ٪ ) کە رێژەی ( حەوت ملیۆن و نیو ) ی خەڵکی تورکیا سودی وەرگرت لەم کارەی رەفاهی ئیسلامی لە کاتی حوکمڕانیدا .

١٣ – سازکردنی بوار لەبەردەم ئەوانەی کە پەساپۆرتی تایبەتیان پێیە ( بێگانەن و لە تورکیا دەژین ) ، کە فەرزی حەج بەجێ بهێنن .

١٤–بەخشینی پێستەی گۆشتی قوربانی بەو کەسانەی پێویستیان پێ یەتی کە لەوەو پێش قەدەغە بوو .

١٥ – یەک خستنی کۆتایی دەوام لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا لەگەڵ کاتی ئێوارەو رۆژو شکاندن .

١٦ – بواردان بە کرێکارو قوتابیان و فەرمانبەرانی ئافرەت کە بە پۆشاکی ئیسلامیەوە دەوام بکەن .

١٧ – دروست کردنی مزگەوتێک لەناوچەی ( تقسیم ) لە شاری أستنبولْ کە دەکەوێتە ناو باخچەکەی کمال _ أتاتورک ، کە ئەمەش وێرای ئەوەی کە سەرکەوتنێکی گەورەیە سەلماندیشی کە کۆتایی بە بیروراکانی أتاتورک هاتووە .

ئەمانەو چەندین خزمەتی تر ، پارتی رەفاهی ئیسلامی توانی لە پاش ساڵەکانی ( ١٩٩٠ ) پێشکەش گەلی تورکیای بکات لە رێی کاری سیاسی لە پەرلەماندا یاخود وەک بەشدار لە فەرمانرەوایی تورکیادا ....